سەید حەکیم: ڕادەستکرنی چەك بۆ حەشدی شەعبی سیستەمی دەوڵەت بەهێز دەکات



ب□□ز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت ل□ نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕیز عرفان سەدیق بالیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی و چۆنیەتی پتەوکردنی کرا کە بەجۆرێك بێت خزمەتی هەردوو گەلی دۆست بکات.

سەماحەتی داوای کرد گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە پەیڕەو بکرێت و جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی گەڕانەوەی سەقامگیری و هێوری ناوچەکە و ئاماژەی کرد کە ئەو دۆخە گرنگە بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی داهات فرە بکەین بەهۆی ئەو ڕکا بەرییە ئابوورییەی عێراق ڕووبەڕووی بووەتەوە کە هۆکاری ڕووداوەکانی ناوچەکەیە، بۆیە فرەکردنی دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوت لەڕێگای بۆڕییەکانی دەریاری سوور و دەریای ناوەڕاست ڕێگا چارەیەکی گونجاوە.

سەید حەکیم جەختی کردەوە لەسەر پەیڕەوکردنی گفتوگۆ ل□ بab□تی سنووردارکردنی چەك بەدەستی دەوڵەت و ڕادەستکردنەوەی بە دەستەی حەشدی شەعبی بەو پێیەی دەزگایەکی فەرمییە لەنێو دەزگاکانی دەوڵەتدا.